# پێکداچوونەکانی نێوان
# فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنابەرێتی زمانیی

## (هەژموونی زمانیی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی وەك نموونە)

د. ئاڤێستا کەمال مەحموود
زانکۆی سلێمانی / بەشی کوردی

پێشەکیی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بواری زانستی زمانی دەروونیی Psycholinguistics و خاڵە هاوبەشەکانی لە بواری زانستی زمانی جێبەجێکارانەدا Applied Linguistics کاردەکات و جەختدەکاتە سەر ئەو کایە هزریانەی، کە فێربوونی زمانی دووهەم دروستیدەکات لە ئاوەزداری تاك و جڤات و بە چ شێوەیەك فێربوونی زمانی دووهەم کاریگەری دەبێت لەسەر پلانی زمانیی.

گفتوگۆکان دەربارەی پەیوەندی نێوان زمان و بیر هەر لە سەرەتاکانی قسەکردن لە بوارەکانی فەلسەفە و زمانەوە کاری لەسەر کراوە، کە بە چ شێوەیەك هەریەکێك لەم دوو پێکهاتەیە کاریگەریەکانیان بۆ سەر یەکتری دەگوێزنەوە، چونکە دیاریکردنی ئەو بنەمایانەی دەبنە هۆی گۆڕان لە بیرکردنەوە و دوونیابینیدا یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی، کە مرۆڤ شوێن و جێکەوتەی خۆی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵەکەیدا پێخۆشدەکات، ئەمە بەواتای ئەوەی تێگەیشتن لە ڕێگاکانی گۆڕینی ئاراستەی بیر و پەروەردەکردنی هزر جێگەی سەرنجە، چونکە لەم ڕێگایەوە کۆمەڵگاکان دەتوانن بونیادی پێشکەوتنی هزری تاکەکانیان سەرڕێبخەن و ئاوەزداریی تەندروست بونیادبنێن.

لەم تێڕوانینەشەوە و پەیوەست بە چۆنێتی داڕشتنی ئاوەزداری لە ڕێگەی زمانەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات ئەو کەلێنانە بخاتەڕوو، کە بێپلانی سیاسەتی زمانی کوردی دروستی کردووە و قسەپێکەری زمانی کوردی گەیاندووەتە خاڵێك، کە تیایدا بە شێوەیەك لە شێوەکان خاڵی ببێتەوە لە هەستکردن بە ئینتیما بۆ زمانەکەی و دواتریش بۆ نەتەوەکەی، لێرەشەوە جەختکردنەوە لە سەر هەژموونی زمانی دووهەم و چۆنێتی فێربوونی بابەتییانە سەرقاڵبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە و لە سێ تەوەرەوە گریمانە و پێشنیازەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشدەکرێت و ئەنجامدەدرێت، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. فەرهەنگی ئاوەزیی و فێربوونی زمانی دووهەم.

٢. پەنابەرێتی زمانیی (چەمك و تێڕوانین)

٣. پەیوەندی فەرهەنگی ئاوەزی بە پەنابەرێتی زمانی دایکەوە لەژێر سێبەری زمانی دووهەمدا

لـە لایـەکی تـرەوە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە هەوڵـدەدات چـەند زاراوەیـەك لـە بـواری سیاسـەتی زمانیـدا پەیوەسـت بـە فێربـوونی زمـانی دووهەمـەوە بخاتـە بـەر گفتوگـۆ لـە سـەرکردن ئەمـەش زیـاتر بـۆ پاڵپشتی کردنی ئەو گریمانە و بۆچوونانەی، کە لێکۆڵینەوەکە خۆی پێوەخەریککردووە.

## ١) فەرهەنگی ئاوەزیی و فێربوونی زمانی دووهەم

پێرەوی هەموو زمانێك هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی ناوەکیی و دەرەکییە، کە قسـەپێکەرانی خـودی زمانەکـە پێیـان بەخشـیوە و لـە ئـەنجامی تێڕوانینیـان بـۆ ژینگـە و دەوروبـەر لەلایـەك و لەلایـەکی تـر قوڵبوونـەوەیان بـە ڕایـەڵکانی بیرکردنـەوەیاندا گەیشـتوونەتە ئـەوەی چەشـنێك لـە زمان بۆ خۆیان دابڕێژن هەرخودی ئەم داڕشتە زمانییـەش جارێکی تـر دەبێتـە هۆکاری ئـەوەی هزر و ئاوەزداری تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی لە ڕێگەوە پیَ پەروەردەبکرێت و پێبناسرێتەوە بۆ گەیشـتن بـە وردەکاریـەکانی پەیوەندییـەکانی نێـوان فەرهـەنگی ئـاوەزیی و فێربـوونی زمـانی دووهەم پێویستە لە دوو تەوەرەوە ئەم بابەتە بخرێتەڕوو:

١. فەرهەنگی ئاوەزیی (چەمك و تێڕوانین)
٢. پەیوەندی فەرهەنگی ئاوەزیی بە فێربوونی زمانی دووهەم

### ١/١) فەرهەنگی ئاوەزیی (چەمك و تێڕوانین)

لـە پێنـاو لێکدانـەوەی چـۆنێتی کـارکردنی زمانـدا هەوڵـدراوە چـەندین مۆدێل تاقیبکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی نزیکببینـەوە لـە ڕاسـتی و ڕاسـتەقینەکان دەربـارەی زمـان (Singleton(1984 دەڵێـت "فەرهـەنگی ئـاوەزیی بریتییـە لـە مۆدێلێـك لـە نـاو یادگـەی درێژخایانـدا و هـەڵگری هـەموو کۆزانیارییـەکانی قسـەکەرە دەربـارەی دونیـا و وشەکانیشـی دەربـارەی زمانەکـەی یـان ئـەو زمانانەی دەیزانێت تێدایە ".

لە ڕاستیدا فەرهەنگی ئاوەزیی هەڵگری گشت کۆزانیارییەکانە بە هەموو چەشنەکانییەوە، بەڵام ئەم هەڵگرتنە لە توێی وشەکاندا لە زماندا دەردەکەوێت و لە لوژیك و کردە هزرییەکانیشدا لە ڕێگـەی پرۆسـەکانی بیرکردنـەوە و هەڵگواسـتنەوە دەخرێنـەڕوو و خـودی ئـەم دوو پێکهاتەیـەش تـەواو بـە یەکەوە بەستراون (Gabrys – Barker (2005:39 " فەرهـەنگی ئـاوەزیی بریتییـە لە پێڕەوێکی چەمکی زیـاتر لـە کـۆگـای تێکردەکـان پێڕەوێك لـە چەمکەکان و پەیوەندییـە زمانییـەکان پێکدێت و هـەردوو لایـەنی فۆنۆلـۆژی و ئۆرسـۆگرافی لەگـەڵ جەختکردنـەوە لەسـەر پرۆسـەکردنی لێکسـیکی و بەمەش دەستپێداگەیشتنەوە و بەدەستهێنانەوە ئەرکی ئەم فەرهەنگە دەبێت ".

زۆرێك لە تێڕوانینەکان فەرهەنگی ئاوەزیی وەك لێکدانەوەی چۆنێتی کـارکردنی هـزر و ڕێکخسـتنی زمـان لـە هـزردا لێکدەدەنـەوە و خـودی لێکدانـەوەکانیش بـە سـەر دوو لایەنـدا (لایـەنی فۆنۆلـۆژی و لایـەنی واتـایی) دابەشـدەبن هەربۆیـە تێـڕوانین لـە فەرهـەنگی ئـاوەزیی نابێـت تـەنها لـە ڕوانگـەی وشـەنامەی کەرەسـتە زمانییەکانـەوە بێـت، بـەڵکو دەبێـت هـەم ئـەم بابەتـە و هـەم بابـەتی واتـایی لـەخۆبگرێت و کێشـەی تێکەڵـە واتاییـەکانی ئاخاوتنـە تایبەتییـەکانی semi-fixed نێـوان دوو

کەسیش چارەسەر بکات، هەروەها پێویستە پەی بە ڕۆتینی زمانیش بەرێت – ئەمانیش خۆیان لە دەقە لەبەرکراوەکانی، کە بەردەوام وەك کلێشەی زمانی بەکاردێن– بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە بڕوانە نموونەکانی (١. أ _ ت ):

١. أ. پشیلەیەکی بەچکە بوو بە ژێر ئۆتۆمبێلێکەوە.

ب. ئەم شەو پەموو زا.

پ. شەوباش... ئەتوانیت پێم بڵێیت ژمارەی مۆبایلی مامۆستا (X ) چەندە ؟

ت. سوپاس....شەو شاد و کاتێکی خۆش بۆ ئێوەش.

لە ڕستەی (١. أ ) دا پێکهاتەی وشەکان لە دوو ڕوانگەی فەرهەنگییەوە لێیان دەڕوانرێت، کە ئەوانیش فۆنۆلۆژی و واتایین و بە شێوەیەکی پەیڕەوبەندانە گوێگر بە دوای ناسینەوەی فۆرم و واتای ئاوەزییدا دەگەڕێت، چونکە دیاردەی باسکراو پەیوەستە بە واتای هۆشەکی کەرەستەکانەوە و ئەمەش وادەکات لە فەرهەنگی ئاوەزییدا ڕیزبەندی دۆزینەوە و بەدەستهێنانەوەی وشەکان سانابێت، لە (١ . ب) دا فەرهەنگی ئاوەزیی کێشەی ڕووداوێکی تایبەت لە واتایی ڕستەکەدا چارەسەردەکات، کە ئەویش بریتییە لە ناسینەوە و بەدەستهێنانەوەی واتای (پەموو)ە پەیوەست بەو زانیارییە هاوبەشانەی لە فەرهەنگی ئاوەزیی گوێگر و قسەکەردایە، هەر لەبەر ئەمەیە Briggs & Peat(1989)پێیان وایە " فەرهەنگی ئاوەزیی ئەو ناوەرۆك و بەڵگانەیە، کە لە دیالۆگێکدا لە ئەنجامی کردەی ئاماژەپێدانەوە دروستدەبێت و کێشە واتاییەکان چارەسەردەکات"، هەروەها لە ڕستەی (١، پ، ت) دا ڕۆتینی کردنەوەی ئاخاوتن(شەوباش، سوپاس، کاتێکی خۆش بۆ ئێوەش، شەوشاد ) ئەو دەستەواژە کلێشەییانەن، کە لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوە بوونەتە لێکسیمی هەڵگیراو و قەکەر و گوێگر وەك لێما لە فەرهەنگی ئاوەزییدا هەڵیانگرتووە.

### ٢/١) پەیوەندی فەرهەنگی ئاوەزیی بە هەژموونیی فێربوونی زمانی دووهەمەوە

پەیوەست بە فێربوونی زمانی دووهەمیشەوە نواندنی چەمکەکان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا بەهۆی تۆڕێکی پەیوەندی لە نێوان چەمك و واتای زمانیدا ڕوودەدات بەمەش فەرهەنگەکە Levelt(1975) Aitchison (2003a:103)وەها لێیدەڕوانرێت، کە وەك ئینسکلۆپیدیایەکی هزری بێت و نواندنە زمانییەکانیش لەخۆی بگرێت و ئەو پەیوەندییانەش،کە هەن لە نێو تۆڕەکەدا پەیوەندی ژێرین sense relation .

فێربوونی زمانی دووهەم پانتاییەکی گەورە لە لێکدانەوەی چۆنێتی کارکردنی فەرهەنگی ئاوەزییدا داگیردەکات و چەندین گریمانە خراونەتەڕوو بۆ شیکردنەوەی چۆنێتی هەڵگرتن و بەدەستهێنانەوەی زانیارییە زمانییەکان (زمانی یەکەم و دووهەم...هتد) لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، هەربۆیە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی ئاوەزیی بریتییە لە کۆکراوەیەکی نوێنراوی وشە لە هزردا، کە بەکارهێنانی مەودای واتای نێوان تاکەکان نیشان دەدات لەگەڵ یارمەتیدانی تاك بۆ زمانپژاندن و فێربوونی زمان و پاراستنی زمانەکە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت وشەکان لە پەیوەندیدان لە ڕووی

(فۆنۆلـۆژی و مۆرفۆلـۆژی و سینتاکسـیەوە) ئەمــە ســەرەڕای ئــەوەی پەیوەنـدیی سـێبەری وەك (هەستیاری، کۆمەڵایـەتی و دەق و تێکەڵاوبوونـەکان) یشیان لەگـەڵ یـەکتردا هەیـە ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە هـیچ وشـەیەك وەك چـەمکێکی دابـڕاو ناتوانرێـت هـەڵبگیرێت بـەڵکو هـەموو ئـەو ئەزموون و بەکارهێنانەش لە خۆدەگرێت، کە لێوەی هاتوون یاخود بۆی دەگونجێن بۆنموونە:

٢. أ. ئەم قسە هیچ و پوچانە بڕەرەوە.

ب. ئەم قسە بێمانایانە مەکە.

پ. ئەم قسانە جوان نیین و کۆتای پێبهێنە.


لـە هەریـەك لـە ڕسـتەکانی (٢. أ , ٢. ب , ٢. پ) هـەمان واتـای هۆشـەکیی دەگەیـەنن، بـەڵام ئـەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە چەمکی هەڵگیراو و ڕەنگدانـەوەی ئاوەزیی بۆ هـەر یـەك لـە ڕسـتەکان جیاوازە بۆنموونە وشەکانی (هیچ و پوچ) ڕەنگدانـەوە و سێبەری چەمکیی (تـابوو یـان توندی لـە ئاخـاوتن) لـە خۆدەگرێـت بـەڵام وشـەی (بێمانـا) شـتێك لـەو توندییـە کـەم دەکاتـەوە و سـێبەری چەمکەکەی کـەمتر بـە چـەمکی (تابوو)یـەوە بەسـتراوەتەوە و لـە ڕسـتەی (٢. پ)دا دەچـێتە بـوارێکی تـری چەمکییەوە و لەگـەڵ جوانی دەربڕینەکانـدا پەیوەنـدی دروسـتدەکات ئەمـەش دەمانگەیەنێتـە ئـەوەی بڵـێین، کـە چـەمکەکان بـەردەوام لـە کارلێککردنـدان لەگـەڵ یـەکتری و هەرئـەم پەیوەنـدی و کارلێکردنەشە دەبێتە هـۆی هەڵبـژاردنی فۆرمـەکان بـۆ سەرڕێکخسـتنی ئاخاوتنێك لەلایـەکی تـرەوە وشـەکان هـەڵگری و ڕەنگدانـەوەی ئـەو بارودۆخـەن، کـە تیایـدا بـەکاردەهێنرێن یـاخود وەردەگیرێـن هـەموو ئەمانـەش لـە فەرهـەنگی ئاوەزییـدا ڕەنگدەدەنـەوە و ئـاوەزداری تاکـەکانی لـە سـەر ئاسـتی خـودی و کۆمــەڵ پێدیاریــدەکرێت هەرلەبەرئەمەشــە زانیارییــەکانی فەرهــەنگی ئــاوەزیی کاریگــەر دەبێت بە کۆمەڵێك بابەت:

١. سروشتی دەمارییی تاك لە پرۆسەکردنی زماندا.
٢. سروشتی ئەندامەکانی ئاخاوتن.
٣. سروشتی پێڕەوی بیستن.
٤. پرنسیپەکانی خۆماندوکردن بۆماننەوە و هەڵگرتنی زانیاریی.
٥. گواستنەوەی زانیاریی.
٦. سروشتی نواندنی چەمکەکان.
٧. سروشتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ.
٨. ڕەنگدانەوەی پێڕەوی زمانی لەسەر بیرکردنەوە Monica &Marte (2004: 12)

تایبەتمەندی فەرهەنگی ئاوەزیی لەوەدایە ئەوەندە جێری هەیـە، کـە بتوانێـت هـەموو ئـەو کردانـەی پاڵەپەسـتۆی (لێـرەدا پاڵەپەسـتۆ بـەواتای ڕەهەنـدەکانی ڕەفتـار و خۆگونجانـدن دێـت) لەسـەر دروستدەکەن لەخۆبگرێت و لە لایەکی ترەوە هێندە پتەوی دەربخات بۆ ئەوەی ناسنامە لە خۆیـدا هەڵبگرێت، چونکە فەرهەنگی ئاوەزیی پێکهاتەی هەموو پێڕەوی پرۆسەی زمانە جا ئـەو زمانـە هـی مرۆڤ بێت یاخود هی زیرەکی دەستکرد بـەم پێیـە دەشـێت وەك شـوێنی کارلێککردنی فۆرمـەکان و

واتا یاریدەدەرەکانیان بخرێتەڕوو بەلاّم شوێنی ئەم کۆگایە دیاری نەکراوە بەڵکو وەك نەخشەیەکی هـزر لێیـدەڕوانرێت، کـە پێشـی دەگوترێـت (( Self- Organizing Map-SOM، کەواتـە فەرهەنگی ئاوەزی دەرخەری چۆنێتی ڕێکخستنی کەرەستەکانە بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە.

پێڕەوی چەمك لە هەر دوو زمانی (زمانی دایك و زمـانی دووهـەم) هەیە،ئەمـەش بـە پێـی مۆدێلـەکان چـۆنێتی پەیوەنـدییان لەیـەك جـاوازە مـۆدێلی تێـڕوانینی چـەمك (Concept meditation Model)بە پێـی ئـەم مۆدێلـە زمـانی یەکـەم و دووهـەم بەیەکـەوە دەسـتیان دەگـات بـە فەرهـەنگی ئـاوەزی، بـەلاّم بـە پێـی مـۆدێلی دەزگـای وشـە بێـت (word-association Model) زمـانیی دووهـەم دەستپێداگەیشـتنی بـۆ چـەمکی وشـەکان لـە ڕێگـای زمـانی یەکەمـەوە دەبێـت و نموونـە کارەکییـــەکان پێشـــنیازی ئەوەدەکـــەن، کـــە مـــۆدێلی دووهـــەم گونجـــاوترە بـــۆ لێکدانـــەوەی دەستپێداگەیشـتنی هـەردوو زمانەکـە و ڕێگەخۆشـکەرە بـۆ هـاتنی مۆدێلـە لێکـدەرەوەکانی تـر بـۆ ڕوونکردنــەوەی ئەمــەش (Risto&Swathi (2000: 192 بــە چــەند هێڵکارییــەك ئــەم دەستپێداگەیشتن و کارلێکردنەی فەرهەنگی ئاوەزی لە نێوان جووتزماندا ڕوونکردووەتەوە:




**هێڵکاری _ ١_ پێڕەوی کارکردن و وەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی چەمك**

**لە نێوان زمانی یەکەم ودووهەمدا لە (Monica &Marte (2004: 12 وەرگیراوە**

لە ئەنجامی شیکردنەوەی هێڵکاری (١) دا کۆمەڵێك تایبەتی دەردەکەوێت لەوانە:

١. چەمك و دەستپێداگەیشتنەکانی زمانی یەکەم کارا و بەهێزترن لە چاو چەمکەکانی زمانی دووهەمدا.
٢. (واتا ) دەستپێداگەیشتنی خێرای هەیە لە هەردوو باری واتای پیتیی و پراگماتیکیشدا.
٣. سروشتی سیمانتیکی زۆرترین بواری پرۆسەکردنی هەیە شارەزایی لەسەر ئاستێکی بچووك و پسپۆڕێتی کاردەکات.

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین هاوسەنگیراگرتن ((Homeostasis لە ناو فەرهەنگی ئاوەزییدا بریتی دەبێت لە ئەو مەرجە پێویستانەی، کە بۆ جێگیری و پێڕەوی ئاڵۆزی فەرهەنگەکە پێویستن و خودی هاوسەنگییەکەش کاریگەری لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکان دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا لەبرییە پێویستەکان لەخۆدەگرێت و لێیانتێدەگات بە واتایەکی تر ئەم پێڕەوە کاردانەوەی هەیە بۆ هەموو گۆڕانکاریەك، کە لە دەوروبەردا ڕوودەدات ئەمەش لە پێناو پاراستنی هاوسەنگی ناوەکیی پێڕەوەکە هەر لەبەرئەمەشە خودی زمان دەیەوێت تەرزەکانی خۆی بپارێزێت و بەرگریان لێبکات لە کاتێکدا ئێمە لە زمانی کوردیدا (لە باشووری کوردستان) زۆر بە ئاسانی تەبەنای زمانێکی تر دەکەین بێگوێدانە ئەو باڵانسە، کە خودی زمانەکە و دونیابینیەکەشی لەخۆدەگرێت.

هەر لە ڕوانگەی هاوسەنگی ڕاگرتنی گۆڕانکاری و کارلێکەکانی زمان ئەوەی سەلمێنراوە ئەوەیە گۆڕانکاری لە یەکێك لە ئاستەکانی نواندن و داڕشتەی زمانیدا سەرجەمی پێڕەوەکە دەگرێتەوە و سەرەنجام ناهاوسەنگی دەکات.

هەر لەم پنتەشەوە ئەو گریمانەیە دەخەینەسەر ڕێ، کە هەموو گۆڕانێك لە زماندا گۆڕان لە بیرکردنەوەشدا دروستدەکات، چونکە دەبێتە هۆی:

١. تێکشکانی پیرۆزی و سەربەخۆی زمانی دایك بیرکردنەوەی نەتەوایەتیانەش لەدەستدەچێت.
٢. تێکدانی پێڕەوی زمانیی (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، واتا)ی زمانی دایك دەبێتە هۆی تێکدانی ڕیزبەندی چەمکەکان بەمەش بیرکردنەوەکان کەسایەتی خۆیان لەدەستدەدەن.
٣. جیاوازی خێرای ئاخاوتن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر چەشنی بیرکردنەوەش دەگۆڕێت چونکە پەیوەندی بە جۆری بیرکردنەوە و پەیپێبردن و درکپێکردنەوە هەیە.
٤. جیاوازی پلەی دەنگی لە ئاخاوتندا pitch level جۆری تێگەیشتن و پێگەیاندنی زانیارییەکان دیاریدەکات، کە هەندێك زمان ئەم پلەیەی لەکاتی ئاخاوتندا بەرزترە لە هەندێکی تریان.

فێربوونی زمانی دووهەم خۆی لە خۆیدا گرفت نییە هێندەی ئەوە گرفتە، کە ئەم زمانی دووهەمە تەنگ بە زمانی یەکەم هەڵبچنێت و ئەو پلە و ڕیزبەندییەی هەیەتی لەلای قسەپێکەرانی دایببەزێنێت، هاوکات ئەگەر زمانی دووهەم خۆی لە خۆیدا هەژمونێکی جیهانی بەهێزی هەبێت بە

شێوەیەك ببێتە مەترسی بۆ زمانی یەكەم بەمشێوەیە زمانی دووهەم پێكهاتە و ڕێكخستنی ئاوەزداری دەگۆڕێت و لە ئاكامی ئەمەشدا چەشنی بیركردنەوەی تاكەكان بۆ كەسێتی و نەتەوەیی بوونیان دەگۆڕێت.

٢) پەنابەرێتی زمانیی (چەمك و تێڕوانین)

بە درێژای مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤەكان یەكتریان حوكمكردووە بە دوركەوتنەوە لە خاك و ماڵ و زێدی خۆیان بۆ ئەمەش چەندین هۆكاریان بەكارهێناوە بۆ پێدانی ڕەوایەتی بە بڕیارەكانیان بەم پێیە كەسی پەنابەر كۆمەڵ و كلتور و زێدی خۆی بەجێدەهێڵێت بە هۆكاری (ڕەگەزپەرستی، ئاینی، شەڕ....هتد ) بێت لێرەوەكەسی پەنابەر زۆرێك لە ئیمتیازاتەكانی لەدەستدەدات لەوانە هەستكردن بە ئۆقرەیی و پلە و پایەی كۆمەلایەتی و تەنها شتێك، كەلە نیشتمانەوە لەگەڵ خۆیدا دەیبات زمانەكەیەتی، كە دواجار ئەمیش سودێكی بالای نابێت بۆ سەرلەنوێ پێكەوە ژیان لە كۆمەڵێكی نوێدا بە زمانی نوێ و كلتوری نوێوە لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە زۆر سانایانە دەشێت بۆ پێناسەی بارێكی گشتی بەكاربهێنرێت لە هەمانكاتیشدا بەسەر زماندا دێت هەربۆیە پەنابەربەرێتی زمانیی (Linguistic Refugee) وەك زاراوەیەك بۆ بارێكی ڕووداوی زمان بەكاردەهێنین و كۆمەڵێك بەڵگە و سەلماندنیش بۆ ئەم بانگهێشتە دەخەینەڕوو، كە لە دوو تەوەرەدا ئەم كارە جێبەجێدەكرێت:

١. ناساندنی زاراوەكە
٢. بەراوردكردنی پەنابەربوونی زمانیی بە پەنابەرێتی وەك زاراوە و چەمكە گشتییەكە.

**١/٢) ناساندنی زاراوەی (پەنابەرێتی زمانیی)**

وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا ڕاكردن و كۆچكردن لە سەرەتاكانی مێژووەوە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هاتووە و چەندین شێوە و هۆكاری هەبووە و هەیە، هەربۆیە بە پێی ڕێكەوتنامەی جنێڤ پەنابەر بریتییە لە " كەسانێك لە دەرەوەی وڵاتەكەی خۆیان یان لە دەرەوەی كۆمەڵگاكانیان و ئەم هاتنەدەرەوەیەش بە هۆكاری (ڕەگەز، ئاین، بە ئەندامبوون لە گروپێكی سیاسی، نەتەوەی ) یەوە بووە و بە هۆی ترسەوە ڕایانكردووە و نەیانتوانیوە چیتر خۆیان لە توندوتیژی و جیاكاری بپارێزن لە شوێنەكان و زێدەكانی خۆیاندا و بە شێوەیەكی نەخواستراو وڵاتەكانی خۆیان بەجێهێشتووە " لێرەوە گەر لە فاكەڵتی زمانیش بدوێین وەك بەشێك لە ناسنامەی نەتەوایەتی دەتوانین ئەو هەڵبهێنجین، كە مرۆڤەكان بەهۆی زمانیشیانەوە جیاكاری دەكرێن هەروەك چۆن خودی جۆراوجۆری لەگەڵ چەمكی زماندا گەشەدەكات بەو شێوەیەش هەموو جۆراو جۆرییەكی زمانی لەلای هەموو مرۆڤەكان پەسەندكراو نییە، بەڵكو خودی ئەم هەمەچەشنییەی زمان كارێكی كردووە، كە هەندێكیان وەك زمانی بالا و تەنانەت پیرۆز لێیانبڕوانرێت و هەندێكی دیكەشیان وەك زمانی خەڵكی ناپێشكەوتوو (لە باری شارستانیدا ) و لە هەندێك باردا ئەم حاڵەتە هێندە قووڵدەبێتەوە

بەڕادەیەك خاوەنی زمانە "باڵا" كە ماف و ڕێگەی ڕەوایەتی بە خۆیان دەدەن بۆ چەوساندنەوەی خاوەن زمانە " نزمە"ەكان و لە باشترین بارەكانیشدا بە تیۆرە زمانییەكان حوكمیان دەكەن (ڕێزمانی زمانێك لە زمانەكانی تر گرانترە و ئەوانی تر ئاسانترن "بۆ ئەمەش نموونە ئەفسانەی "ڕێزمانی زمانی عەرەبی قورسترە لە كوردی – ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی گرانترە لە زمانی كوردی " یاخود ئەفسانەی زمانی عیبری پیرۆزترە لە زمانەكانی تر " و " زمانی ئەڵمانی پوخترە لە هەموو زمانەكانی تری دونیا ، هەروەها دەتوانین بڵێین بریتییە لە (چوونە دەرەوەیەك لە پیرۆزی بەكارهێنانی زمانەكە و سستكردنیەتی لەلایەن گروپەكۆمەڵایەتییەكەی كە بەكاریدەهێنێت و بەمەش لەدەستدانی ناسنامەی زمانەكە وەك ئەنجامێكی چاوەڕوانكراو دەردەكەوێت هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی داگیركاری زمانێكی تر، وەرگرتنی زمانیی و ڕەگەزپەرستی زمانییەوە جێبەجێدەكرێت )

هەر لەم بوارەشدا (واتە ناساندنی چەمكەكە ) بۆ زیاتر ناساندنی زاراوەكە پەنا دەبەینە بەر دوو ڕێگا، كە ئەوانیش بریتین لە:

١. بنەما كۆمەڵایەتییە _دەروونییەكانی پەنابەرێتی زمانیی
٢. چەشنەكانی پەنابەرێتی زمان

**١/٢_١) بنەما كۆمەڵایەتییە – دەروونییەكانی پەنابەرێتی زمانیی**

پەنابەرێتی زمانی بەدەر لە هۆكاری بنجی فەرهەنگی ئاوەزی چەند بنەمایەكی دیكەش هەیە بۆ دروستبوونی ئەوانیش خۆیان لە لایەنی كۆمەڵایەتی و دەرونییدا دەبینێتەوە، كە ئەم دووهۆكارەش جارێكی تر كار لە فەرهەنگی ئاوەزیی دەكەنەوە و پەیوەندییە نەتەوایەتییەكانیشی تێدا كاڵدەكەنەوە لە گرنگترین ئەو بنەمایانە:

**١.بنەمای پاكتاوسازی و ڕگەزپەرستی**: ئەمانە هۆكارن بۆ دروستبوونی ڕەگەزپەرستی زمانیی و تەنگهەڵچنین بە بە بیركردنەوە و بوونی نەتەوەیەك، هەرئەمەشە دواتر دەبێتە هاتنەناوەوەی جۆرێك لە پاكتاوسازی، كە پێی دەگوترێت پاكتاوسازی زمانیی ( Language purism ) یاخود Linguistic discrimination و (linguicism and languagism) شی پێدەگوترێت، كە جیاكاری زمانییە.

لەم دیدگایەوە پاكتاوسازی زمانیی دوو ڕەهەندی دەبێت

١. ڕەهەندی یەكەم / چالاككردنی خودی زمانە بە ئامانجكراوەكە: ئەم ڕەهەندە ڕووی تا ڕادەیەك پۆزەتیڤە لە باشترین حاڵەتەكانی ئەم بۆچوونە ئەوەیە، كە پێویستە وشە ڕەسەنەكانی زمانەكە بەكاربهێنرێت لەبری بەكارهێنانی وشە بێگانە و خواستراوەكان بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا پێویست ناكات وشەكانی زمانەكانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی ) بەكاربێت یان لە زمانی ئینگلیزیدا نابێت وشە (لاتینی، گریكی و فەرەنسیی)ەكان بەكاربێت لە هەمانكاتدا زیندووكردنەوەی ئەو وشانەش پێویستە،كە لە كاركەوتوون و لە زمانەكەدا لەبری وشە بێگانەكان بەكارهێنرێن.

پاکتاوسازیی زمانیی لەم بارەدا دەرگا دەکاتەوە بەسەر سەرچاوە نەتەوایەتییەکاندا و خۆی دەپارێزێت لە لێشاوە کاریگەرییە نێونەتەوەییەکان و فۆڕم و کەرەستەزمانییەکانی سەرجەم دیالێکت و سەرچاوە زمانییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت و بە دوو ئاڕاستەشدا کاردەکات:

أ.بەکارهێنانی وشەی پاکتاوی زمانەکە

ب. بەکارهێنانی تەرزەکانی ڕستە

ئەم چەشنە لە پاکتاوسازی ڕەسەنایەتی زمانی کاتێك سەرهەڵدەدات و توانای بەردەوامبوون بۆخۆی دەستەبەردەکات ئەگەر هاتوو هەڵوێستی قسەکەرانی زمانەکە پەیوەستبوون بێت بە شێوەیەکی توند بە کلتووری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام هۆکارە دەرەکییەکانی (بە جیهانیبوون و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان) ئەم ڕەهەندەی لاوازکردووە و توانای بەرەنگاریکردنی تێکەڵاوبوونەکانی کەمکردووەتەوە.

٢. ڕەهەندی دووهەم / فەرامۆشکردنی زمانەکانی دی: بە دویوەکەی تری پاکتاوسازی زمانییدا و لە بارە خراپە ترسناکەکەیدا، کە تێکەڵی ئەیدۆلۆژی فکری دەبێت ئەوەیە پاکتاوسازی زمانیی پاکتاوسازی گیانی لەگەڵدا بێت و مافی ئازادی قسەپێکردن لە قسەپێکەرانی بسەنرێتەوە و زمانە داگیرکەرەکە خۆی بسەپێنێت بەسەر زمانە داگیرکراوەکاندا و مافی بوونیان لێبسەنێتەوە و پرۆسەیەکی بێکۆتا بۆ سەپاندنی خۆی بخاتەکار نزیکترین نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە (تعریبکردن و بە تورکیکردن و بە فارسیکردن)ی زمانی کوردییە یاخود بە بالاً" ڕوانین لە زمانی ئەڵمانی لە دووهەم جەنگی جیهانی هەندێك جاریش ئەم پاکتاوسازییە لە شێوەی جیاکارییدا دەمێنێتەوە و بە ڕێژەیەکی کەم توندڕەوی گیانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت وەك لە کەنەدا کیوبیك و ئەنگلۆفۆنەکان، کە گرفتی نێوان زمانی فەرەنسی و هەژموونی زمانی ئینگلیزییان هەیە لە ئەمەریکا وەك زمانی ڕەشپێستەکان وەك زمانێکی نافەرمی و زمانی هندییە سوورەکان یان زمانی ئیسپانی و مەکسیکی.

٢. **بنەمای هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە** Speaker attitude: بەواتایەکی تر گرنگترین پرنسیپی مانەوەی زمانێك بە پاکی و دوور لە خەوشی زمانەکانی تر و خۆڕاگرتنی ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و لە ڕیشە دەرکێشانەکان بریتییە لە هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێز و شوێنی زمانەکەیان لە نێو زمانەکانی تردا و توانای بەرگریکردنیان لە زمانەکەیان دەردەخات.

٣. **بنەمای لایەنگیربوونی زمانیی** (Linguistic prejudice): پەیوەستە بە پلەوپایەی زمانییەوە لەگەڵ ڕەهەندی دووهەمی پاکتاوسازی زمانیدا پەیوەندییەکی توندی هەیە و هەرئەمەشە کە پلەوپایەی زمان و دیالێکتێك لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرزدەکاتەوە یاخود نزمی دەکاتەوە بۆ نموونە ئەم بنەمایە کاری لە زمانی کوردی کردووە و بەرەو سەرەولێژبوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتی دەیبات و لەگەڵیدا نێگێتیڤی هەڵوێستی قسەپێکەرانی زمانەکە لە هەندێك شوێندا

هۆکـارێکی تـره بـۆ دروسـتبوونی ئـاژاوەی زمـانیی و لەدەسـتدانی جڵـەوی مانـنـەوەی زمانەکـە بـە بەهێزی.
لەم ڕوانگەیەی لە سەرەوە پێشکەشکرا دەبینین کاریگەرییـەکانی دروسـتبوونی پەنابـەرێتی زمـانیی خۆی لە جیاکاری و پاکتاوسازی و هەڵوێستی قسەپێکەران و لایـەنگیربوونی زمانییـدا دەبینێتـەوە، کە پەشێووی و پەنابەربوونی زمانی لەگەڵ خۆی دەهێنێت

**١/٢ _٢) بەراوردکردنی پەنابەرێتی زمانیی  بە پەنابەرێتی وەك زاراوە و چەمکە گشتییەکە**

بـەراوردی چـەمکی گشـتی پەنابـەرێتی و پەنابـەرێتی زمـانیی شـیکردنەوەی زیـاتری پەیوەنـدیی و ناسـنامەی زاراوەکـە پـەنا دەبەینەبـەر بـەراوردی پەنابـەرێتی وەك چـەمکێکی گشـتی (پەنابـەرێتی مرۆڤـەکان) ئەمـەش بـۆ خسـتنەڕووی زیـاتری کارێکتـەر و کەسـایەتی زاراوەکـە، گـەر لـە پێناسـەی ڕێکەوتننامـەی جنـیڤ بـۆ (پەنابـەرێتی وەك چـەمکە گشـتییەکە) وردبینـەوە پێناسـەی (پەنابـەرێتی زمـانیی ) بـریتی دەبێـت لـە (ئـەو بـارەی، کـە زمانێـك یـان دیالێکتێـك پێگـەی خـۆی لەدەسـتدەدات و ڕوودەکاتــە نادیــاری چــارەونووس ئەمــەش لــە ئــەنجامی هەســتکردن بــە ترســێك لــە لایــەن قسەپێکەرانییەوە، کە کرۆکی ترسەکە لە حوکمکردنیان بە ئاست نزمی کۆمەڵایەتی یان لەناوبردنی گیانیدا خۆی دەبینێتەوە )  و دەشێت بە دوو ڕێگا ئەم کارە ئەنجامبدرێت:

**١.بەراوردی نێوان بەش و گشت**

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە گریمانـەی پەیوەنـدی بـەش بـە گشـتەوە دەکاتـە یـەکێك لـە بنـەماکانی ناسـاندنی پەنابەربوونی زمانیی و لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی دایدەڕێژێتەوە، کە بریتییە لە:

$$Y \subset X \quad , \text{ Iff and only iff } \; X = Z \;\; \text{Then} \;\; Y = Z$$

لێرەدا (X) بەرانبـەر مرۆڤـەکان و (Y)بەرانبـەر زمـان و  (Z)بەرانبـەر پەنابـەربوون بـەکارهێنراوە و ئەوەی ئەم هاوکێشەیە ڕوونی دەکاتەوە بریتییە لەوەی پەنابەربوون توشی زمانیش دەبێت هەروەك توشـی سەرچـاوەکەی دەبێـت، کـە مرۆڤـەکانن و دەشـێت ئـەم یاسـا لوژیکییـە بـە شـێوەیەکی تـریش دەربڕدرێت:

$$\square \; X \text{ is } Z \;\; \wedge \;\; Y \subset X \text{ then } \; Y \text{ is } Z$$

واتــە  هــەموو مرۆڤێـك  شـیاوی پەنابەربوونـە و زمـان بەشـێکە لـە مرۆڤـە کەواتـە زمـانیش شـیاوی پەنابەربوونە.
زاراوەی پەنابــەرێتی زمــانیی دەشــێت وەك میتــافۆرێکیش بــەکاربهێنرێت، کــە مەبەســت لێــی ئاوارەبوون و بێگانەبوونیەتی چ لە شوێنێکی خۆیدا چ لـە دەرەوەی شـوێنی خـۆی ئەمـەش بەهـۆی بەکارنەهێنانیەتی لەلایەن قسەپێکەرانیەوە.

**٢.بەراوردی نێوان ڕەگەزە لێکچووەکانی هەردوو چەمکەکەدا**

پشتبەست بەو بیرۆکەیەی کرۆکی زمان وەك پێڕەوێکی ئاڵۆز و تایبەت بە مرۆڤ دەتوانین لە تایبەتێتیەکانیشیان وردبینەوە و وەك کانگای لێکچوون لێیانبڕوانین لە مرۆڤبووندا وەك یەکەیەکی گەورە و لە زمانیشدا وەك یەکەیەکی بچووك، کە تایبەتی و ڕەگەزەکانی لە یەکە گەورەکە و سەرچاوەکەیەوە وەردەگرێت ، هەربۆیە دەتوانین بەشێوەی خشتەیەکی بەراوردکاری ئەم کارە ئەنجامبدەین بڕوانە خشتەی _١_

| پەنابەرێتی (چەمکە گشتییەکە) | پەنابەرێتی زمانیی (پەیوەست بە زمانەوە) |
|---|---|
| ١. چوونی مرۆڤەکانە بۆ دەرەوەی وڵات | ١. چوونە دەرەوەی زمانە لە پێگە و شوێنی خۆی |
| ٢. ترس هەیە لەسەر کەسی پەنابەر لە ڕووی (ڕەگەزپەرستی، ئاین، نەتەوە و گرووپی سیاسییەوە) | ٢. ترس هەیە لە بەکارهێنانی زمانەکە و کەسی بەکارهێنەری زمانەکە لە ڕووی (ڕەگەزپەرستی، ئاین، نەتەوە و گرووپی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە) |
| ٣. کەسەکە ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ زێد و مەنزڵگەی خۆی تاکاتی لابردنی توندوتیژی و ترسەکە | ٣. زمانەکە ناتوانێت و قسەپێکەرانی نایانەوێت یان ناتوانن بیگەڕێننەوە مەنزڵگەی خۆی تاکاتی لابردنی ستەمەکە (کە هەرجۆرە ستەمێك بێت) |
| ٤. مرۆڤ وەك تاك و کۆمەڵ لێیدەڕوانرێت پەیوەست بەم چەمك و دیاردەیەوە. | ٤. زمان وەك ئامرازی پەیوەندیکردنی تاك و کۆمەڵ لێیدەڕوانرێت پەیوەست بەم چەمك و دیاردەیەوە |

**خشتەی _١_**

ئەوەی لە خشتەی _١ _ دا دەبینرێت بریتییە لەوەی دەشێت و گونجاوە زاراوەی پەنابەرێتی بۆ زمان بەکاربێت و خودی زاراوەکەش کێشهاتووە و سەرتاپای ئەو دیاردانەش دەگرێتەوە، کە بە زمانەوە پەیوەستن.

**٢/٢) چەشنەکانی پەنابەرێتی زمانیی**

لەبەرئەوەی زمان لەگەڵ پێڕەوی درککپێکردن و ڕایەڵەکانی هزردا لە پەیوەندییەکی پتەوی لەیەکتر نەپچڕاوی گۆڕینەوەدایە هەربۆیە هەرگۆڕانێك لە پێڕەوی (درکپێکردن و هزر) و (ژینگە) دا ڕوویدات کار لەئەمیش دەکات و جۆراوجۆری بیرکردنەوە و درکپێکردنەکان جۆراوجۆری مامەڵەکردنەکانیش لەگەڵ زماندا دیاریدەکات هەر لەبەر ئەم هۆکارانە پەنابەرێتی زمانیی بەسەر چەند چەشنێکدا دابەشدەبێت:

١. **بوون بە پەنابەر لە پێناو زماندا:** ئەم حاڵەتە سەرچاوەکەی چوونە دەرەوەی تاکەکانە لە مەنزڵگەی خۆیانەوە بۆ وڵاتێکی تر لەگەڵ خۆیاندا زمانەکەیان دەبەنە دەرەوە و لەو ڕێگایەوە هەم توشی قەیران و پەشۆکاوی بەکارنەهێنان و بیرچوونەوە و کاڵبوونەوەی زمان دەبن چ لەسەر ئاستی خۆیان یان لەسەر ئاستی نەوەکانی داهاتوویان هەم توشی گرفت و سەختی فێربوونی زمانی دووهەم و ژیان لە ڕێگەی زمانێکی تر دەبنەوە هەر لەبەر ئەمەشە

ئەو کەسانەی دەبنە پەنابەر لە وڵاتەکانی تری دوونیا سەرەتا دەبێت چەند کۆرسێکی زمان و کلتور بخوێنن بۆ ئەوەی توانای هەڵکردنی زمانیان بۆ دروست ببێت.

٢. پەنابەربوونی زمانەکە لە ژینگەکەی خۆیدا: ئەم حاڵەتە لە چەشنی یەکەم گرفتدار ترە لەبەرئەوەی چەشنی یەکەم ژمارەی پەنابەرەکان کەمترن و ڕەوتە گشتییەکەی بەکارهێنان نییە، بەڵام ئەم بارەیان لە کرۆکی ژینگەی کلتوری زمانەکەدا ڕوودەدات ئەمیش دەشێت چەند وەچە پۆلێکی لێجیابکرێتەوە:

أ. خودی زمانەکە توانای گۆڕانکارییەکانی نامێنێت و پاشەکشێدەکات لە قۆناغەکانی دواتردا دەمرێت.

ب. قسەپێکەر و بەکارهێنەرەکانی بەکاریناهێنن لەبەر پلەو پایە و جیاکاری کۆمەڵایەتی

ت. پاکتاوسازی و ڕەگەزپەرستی و نەوێران بۆ بەکارهێنانی لەبەرهۆکاری داگیرکاری.

**٣) پەیوەندی فەرهەنگی ئاوەزیی بە پەنابەرێتی زمانی دایکەوە لەژێر سێبەری زمانی دووهەمدا**


پێشتر لە پێناسەکانی فەرهەنگی ئاوەزیی لە (١/١) و پێناسەی پەنابەرێتی زمانی لە (١/٢) دا هەوڵماندا هەردوو زاراوەکە وەك سروشتی خۆیان و ئەو پەیوەندییانەی هەیانە بیانخەینەڕوو ئەمەش لەپێناو ڕوونکردنەوەی ئەو کاریگەرییانەی لەسەر یەك دروستیدەکەن بە تایبەت لەو ڕووەوەی، کە هەژموونی وەرگرتن و گۆڕینەوەی دەسەڵات لە نێوان زمانی دایك و زمانی دووهەمدا کێشمەکێشمێکی نەبڕاوەیە وهەریەك لەو دوو زمانە هەوڵدەدات بەشێوەیەك لە شێوەکان بەرگری لەبوونی خۆی و نەشونمای خۆی بکات جا لەسەر ئاستی فەرهەنگی تاکەکەس بێت وەك فێربوون یاخود لەسەر ئاستی گشتی بێت بە تەنگهەڵچنین بەیەکتری و شوێنگرتنەوەی یەکتر لە پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و فراوانی بەکارهێناندا، هەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە پێکداچوانەی ئەم سێ ڕەگەزە (فەرهەنگی ئاوەزی، پەنابەرێتی زمانیی، زمانی دایك وزمانی دووهەم ) زمانی کوردی لە باشوری کوردستان وەك نموونە وەردەگرین.

ئاوەزداری تاکی کورد لە باشووری کوردستان لە ئێستادا کەوتووەتە ژێر کاریگەری داگیرکاری هزری و زمانییەوە ئەمیش لە ئەنجامی چەند گرفتێکەوە سەریهەڵداوە لەوانە:

١. گرفتی فەرهەنگی ئاوەزی


وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا فەرهەنگی ئاوەزیی چەمکەکان و وشەکانی لەناو خۆیدا لە شێوەی پەیوەندی واتایدا هەڵگرتووە و بۆ دەستپێداگەیشتنەوەشی پێویستە فۆرمەکان لەگەڵ واتای گونجاودا ڕێکبخرێن هەر لەم پنتەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە فەرهەنگی ئاوەزیی هاوسەنگیی خۆی بە جۆری ئەو تێکردانە دەپارێزێت، کە قسەکەر بایەخیان پێدەدات و بەهای زانیارییەکانیان بەرز ڕادەگرێت بەواتای ئەوەی هەرکات نرخی زانیاری زمانیی زمانێك کەمبووەوە سەرجەمی ئەو زانیاریانەی دیکەش کەمدەکاتەوە، کە لە ناو فەرهەنگەکەدا پێکەوە لە پەیوەندیدان، لێرەشەوە کوردانی دەڤەرەکە هەستاون بە کەمکردنەوەی نرخ و بەهای ڕێزمانی کۆدە کوردییەکان و گۆڕینەوەیان بە کۆد و ڕێسای زمانێکی تری وەك (زمانی ئینگلیزی).

وەرگرتنی چەمك و دەستپێداگەیشتنەوەی لە زمانی یەکەمەوە ئەو هاوسەنگییە لە فەرهەنگی ئاوەزی و ئاوەزداری تاك و کۆمەڵدا ڕادەگرێت، بەڵام لە ئێستادا کەمنرخاندنی زمانی کوردی و بە هەژاری لێڕوانینی بووەتە هۆی ئەوەی نەك تەنها کۆدەکان بەکارناهێنرێن و قسەپێکەر کۆدەکانی لاوازن، بەڵکو ئەمە وایکردووە، کە بە چەمکی زمانی دووهەمیش بیربکەنەوە بۆ نموونە:




**هێڵکاری _ ٢_**

**ڕوونکردنەوەی پشتبەستن بە پتەوی چەمك لە زمانی دایك دا بۆ فێربوونی زمانی دووهەم**




**هێڵکاری _٣_ پەنابەرێتی چەمکەکان و هەژموون وەرگرتنی زمانی دووهەم**

لەمەشەوە وەك ئەنجامێك دەتوانین بڵێین پەنابەرێتی هەنگاوی یەکەمی مردنی زمانێکە و زمانی کوردیش لە باشووری کوردستان لەژێر هەڕەشەی زمانی دووهەمدایە بە یاریدەی کارکردن لەسەر فەرهەنگی ئاوەزیی و دەتوانین لە شێوەی ئەم هێڵکارییەدا بیخەینەڕوو.

| |
|---|
| پەنابەرێتی ⟵ لەدەستدانی کارایی ⟵ ونبوون ⟵ پوکانەوە ⟵ مردن |

هێڵکاری _٤_

٢. دڵەڕاوکێی وەرنەگرتنی پلە وپایەی زمانیی Language Prestige Anxiety یەکێکە لە کاریگەرییەکان لەسەر گۆڕینی ئاوەزداری و بەتایبەت گۆڕانکاری لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، چونکە دڵەڕاوکێ دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند گرفتێکی دەستپێداگەیشتنەوە وەك Pavlenko (2005:32) دەڵێت:

أ. گرفت لە پرۆسەکردنی زانیاریی زمانی دووهەمدا و نەبوونی دەسەڵات لە بەستنەوەیدا بە زمانی یەکەمەوە.

ب. گرفت لە ڕێکخستن و درکپێکردنی یادگەکاندا و هەڵگرتنی هەڵەی کۆدەکان

پ. گرفت لە بەدەستهێنانەوەی زانیارییەکاندا .


ت. گرفت لە ڕێککنەکەوتن و دڵنیانەبوون لە هەڵبژاردنی زانیارییەکاندا.

٣. نەمانی شکۆ (غروری) زمانی Language Ego: زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا چووەتە پرۆسەی بەپیرۆزڕاگرتن و دانانی زمانی دووهەم (زمانی ئینگلیزی ) بە زمانی پێشکەوتن و زانست، لە کاتێکدا زمانی دایك ڕێگر نییە لە بە زانستی بیرکردنەوە باشترین نموونەکانیش زمانەکانی (یابانی، چینی، کۆری، ئەڵمانی...هتد)، کە سەرەڕای بوونی زمانی دایك وەك ناسنامەی کلتوری و نەتەوایەتییان بووەتە زمانی زانستیش، چونکە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و زانستی هەیە و زمانە دایکەکەش خراوەتە پێناو بەزانستبوونەکە و لە هەمانکاتیشدا گەشەی زمانە دایکەکەش زەنگین و بەردەوامبووە، زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا پرۆسەی پەنابەرێتییەکەی دەستی پێکردووە، هەرچەندە ناتوانین بڵێین ئەم پەنابەرێتییە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا دەستی پێکردووە یان هەموویان بەیەك ڕیتم و شێواز دەڕۆن بۆ نموونە زمانی کوردی لە باکور و ڕۆژهەڵات لە ژێر پەنابەرێتیدایە لە ئاکامی پاکتاوسازی، بەڵام لە باکور بە تایبەت لە هەوڵدان بۆ دەرهێنانی زمانەکە لەوژێر شکستە و گەڕاندنەوەی پێگەکەی ، بەڵام لە باشوری کوردستان دوای هاتنەدەرەوە لە ژێر کاریگەری پەنابەرێتی پاکتاوسازی و ڕەگەزپەرستی سەرلەنوێ چەشنێکی تری پەنابەرێتی ڕووبەڕووی بووەتەوە ئەویش ئەوەیە زمانی دووهەم (زمانی ئینگلیزی) بەتایبەت لە نێو نەوە نوێکاندا هەژموونی خۆی بەسەردا کێشاوە لەڕاستیدا پرۆسەی پەنابەرێتییەکە لەم ناوچەیە دەستی پێکردووە، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی مێخی دانەکوتاوە بۆ

نموونه هێشتا ئێمه زمانەکه له زۆر بواری هەستیاردا بەکاردەهێنین وەك (ڕاگەیاندن) و (بەشێك له خوێندن) یاخود بەلایەنی کەمەوه هێشتا به زمانی کوردی تووڕه دەبین و هەستەکانمان بەکاردەهێنین.

زمان کوردی وەك زمانی دایك له دوای دووهەم جەنگی جیهانیی له باشووری کوردستان ورده ورده شکۆی خۆی بەرزکردەوه و هەوڵدرا، که له تێکسته ئەدەبییەکان و ئەو ژانرانەی که پێشتر به زمانی دایك نەنوسرابوون بنوسرێنەوه ئەمه سەرباری ئەوەی چەندین تێکستی ئەدەبی وەك شیعر پێش ئەم کات و دەمەوه هەبووه وەك ئەو شکۆیەی،که (نالی شاعیر ) بەخشی به زمانەکه بەڵام پەیوەست به ئاوەزداری کۆمەڵایەتییەوه ئەم شکۆیه لەسەرەتاکانیدا بوو و خەڵکیش وەك نەنگی و کەمی لێیانەدەڕوانی، بەڵام بنەمای شکۆکه لەوێوه دەستی پێکرد پاشان له ساڵانی (٥٠–٦٠)ەکان سەرجەمی خوێندن، که شادەماری شکۆی زمانێکه و بەو دەپێورێت به زمانی عەرەبی بوو بەمەش شکۆی زمانەکه هێشتا ئاستی بەرزی به خۆیەوه نەدیبوو تاوەکو ساڵانی دواتر و دوای وەرگرتنی (ئۆتۆنۆمی ) له باشوری کوردستان و بوونی خوێندن به کوردی ئەمه بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو و گرنگی زمانەکه بوو سەرباری ئەوەی خەڵکی خودی زمانەکەیان وەك چەکێك بەکاردەهێنا له دژی تەعریبکردن پاشان ڕاپەڕینی (١٩٩١) زیاتر بەسەر شکۆی زمانی کوردی و هەستی نەتەوایەتیدا کرایەوه دواتر له ساڵەکانی (٢٠٠٣) به دواوه و به هاتنی هێزی ئەمریکا و ڕزگارکردنی ناوچەکه ئەم شکۆیه وردەورده ڕووی له کزی کردوو خەڵکی زیاتر ڕوویان له گرنگیپێدانی زمانی ئینگلیزی کرد وەك کاریگەربوون به (جیهانگیری، سوپاسگوزاری بۆڕزگاربوون، سەرسامبوون به کلتوری ڕۆژئاوا، سەرسامبوون به دەستڕۆشتووی زمانەکه له زۆربەی وڵاتەکاندا...)

چەندین هۆکاری تریش وایکرد زمانی کوردی ئەو شکۆیەی هەیبوو سەرەولێژببێتەوه و بشکێت Guiora Brannon &Dull (1972) ئەوەیان خسته ڕوو، که" پیرۆزڕاگرتنی زمانی دووهەم خودێتی و شکۆی زمانی یەکەم / زمانی دایك دەشکێنێت " له ئێستادا له هەرێمی کوردستان هەوڵدراوه له خوێندنگاکاندا زمانی ئینگلیزی وەك پله یەك لێبڕوانرێت و هەوڵبدرێت پێڕەوی خوێندنی هەندێك قوتابخانه بکرێت به زمانی ئینگلیزی و له دەزگای پەرلەمانیشەوه هەوڵدراوه یاسای بۆ دابڕێژرێت ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ گشتگیرکردنی زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی وەك زمانی زانست بڕوانه چارتی _١_




چارتی ژماره _١_

٤. هەنگاونانی نەست بەلای زمانی دووهەمدا.

Clark(1976) پێیوایە " فێربوونی زمانیی دووهەم پێکدادان لە نائاگایی و نەستیشماندا دروستدەکات، چونکە ئەم دوو دیاردەیە وەك ئەنجامی جیاوازی کلتوری و ناساندنی ڕاستی و ڕاستەقینەکان دەردەکەون " لێرە مەبەست ئەوەیە هەریەك لە زمانەکان جیهانبینی و کۆد و پەیوەندی جیاوازی هەیە بە دونیای ڕاستەقینەوە زیاتر لەمەش مەرجی ڕاستەقینەی زمانی هەریەکێکیان بە شێوەیەکی جیاواز لەوی دیکە خۆی لەگەڵ ڕاستی و ڕاستەقینەکانی جیهاندا دەگونجێنێت، هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت بۆ تێگەیشتن لە مەترسی پەنابەرێتی زمانی زمانێك ڕووبەڕووی چەند پرسیارێك ببینەوە لەوانە:

١. ئایا ئێمە دەتوانین لە ناو دوو زماندا وەك یەکبژین.
٢. کاتێك لە نەستەوە زانیارییەکانمان کارلێکدەکەن بەچ مەرجێکی ڕاستەقینەی زمانی (یەکەم یان دووهەم ) لەگەڵ دونیادا خۆیاندەگونجێنن.
٣. سۆزمان پەیوەست بە شاراوەییەکانی نەستمانەوە بەرەو کام زمانە کێشدەبێت، چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان سۆزداری کەسێك بۆ فێربوونی زمانی دووهەم لەگەڵ کەسێك،کە دەیەوێت زمانی دووهەم وەك دیاریکەری پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و جۆری بیرکردنەوەی هەڵبژێرێت، هەرچەندە هەردوکیان وەکیەك هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەن بۆ ڕووبەڕوونەوەی دەوروبەر، بەڵام یەکەم دڵەڕاوکێکەی لەبەرانبەر قسەپێکەرانی زمانە دووهەمییەکەیە و کلتوری ئەو زمانەیە بەڵام حاڵەتی دووهەم دڵەڕاوکێکەی بەرانبەر هۆمۆجێنەکانی زمانی دایکییەتی و لەم خاڵە شڵۆقەدا پەنابەرێتی زمانی دایك دروستدەبێت و سێبەری زمانی دەسەڵات وەردەگرێت ئەمەش دەمانبات بۆ پرسیارێکی تر، کە ئەویش بریتییە لە (سێبەری کام زمان لەسەر نەستمانە و کام زمانەیان لە قوڵاییەکانی نەستدا پەنابەرە؟).

بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی چۆنێتی دەستپێکردنی پرۆسەی پەنابەرێتی زمانیی زمانی کوردی لە مەنزڵگەی خۆیدا و ڕوونکردنەوەی چۆنێتی ئەو ڕەوتەی کار لەسەر پەنابەرێتی زمانی کوردی دەکات پەیوەست بە گۆڕینی فەرهەنگی ئاوەزیی و جیهانبینییەکەیەوە، دەتوانین چەند هەنگاوێکی ئەو ڕەوتە بخەینەڕوو ئەمەش بە یارمەتی، کە گرنگترینیان بریتییە لە:

هەنگاوی یەکەم: گواستنەوەی کەشوهەوای زمانی دووهەم و دەرخستنی ئەوەی، کە ئەو باشترە.

هەنگاوی دووهەم: هەندێك بواری پسپۆڕی خۆی لە بەرگی زمانی دووهەمدا نیشاندەدات وەك (بواری پزیشکی، خوێندن، سیاسەت، کارگێڕی)

هەنگاوی سێهەم: هەندێك وشە بۆ بواری فەزای گشتی گوازراوەتەوە و دەگوێزرێتەوە.

هەنگاوی چوارهەم: هەموو بوارەکانی چالاکی ڕۆژانە دەگرێتەوە.

## ئەنجام

١. پتەوی فەرهەنگی زمانیی دایك هۆكاری فێربوونێكی دروستی زمانی دووهەمە ئەمەش لەڕێگەی ناساندنی تەواو و پڕاوپڕی چەمكەكانە لە زمانە دایكەكەدا و پێچەوانەكەشی هۆكارە بۆ لاوازبوونی زمانی دایك و زمانی دووهەمیش ڕووبەڕووی دوو ئەگەر دەكاتە، كە ئەوانیش دانەمەزراندنی زمانەكەیە بەشێوەیەكی ڕاست یان هەڵدەستێت بە جێگە لێژكردنی جێگە بە زمانی دایك و چەمكەكانی خۆی دەكاتە شوێنی .

٢. پەنابەرێتی زمانیی دیاردەی پەراوێزخستنی زمانی دایكە لە ئەنجامی گۆڕانی شوێن یاخود هێنانەخوارەوەی پایەی كۆمەڵایەتی زمانی دایكە.

٣. پەنابەرێتی زمانیی لە ڕێگەی لاوازی فەرهەنگی ئاوەزییەوە توشی زمانی دایك دەبێت.

٤. پەنابەرێتی زمانیی لە زێدی زمانێكی دایكدا بە هۆی لەدەستدانی شكۆی زمانیی و دڵەڕاوكێیی زمانییەوە دروستدەبێت بەتایبەت ئەوكاتەی لێكسێم و لێماكانی زمانی دووهەم هەژموون وەردەگرن و تەنگ بە چەمك و فۆرمەكانی زمانی دایك هەڵدەگرن. بەمەش ئەم هۆكارە (كۆمەڵایەتییە _ دەروونییانە ) دەبنە هۆی هەژاركردنی فەرهەنگی ئاوەزی و ڕێگە خۆشكردن بۆ داگیركردنی زمانی دایك و ڕەنگدانەوەی پاكتاوسازی لەلایەن زمانی دووهەمەوە.

٥. زمانی كوردی لە باشوری كوردستان لە بەر لێشاوی پرۆسەی پەنابەرێتی زمانییدایە و ئەمەش لە ئاكامی گەورەكردنی ڕەهەندەكانی زمانی دووهەم و خستنە كەناری زمانەكە بەتایبەت لەلایەن چینی خوێندەوارانەوە.

## سەرچاوەكان


1. Aitchison J., 2003a, A Concise Guide to Compositional Data Analysis, CDA Workshop, Girona
2. Birdsong, D. (1999). Second language Acquisition and Critical Period Hypothesis.University of Texas. Lawrence Er Lboum Associates Publishment.
3. Gabrys´-Barker, D. 2005. Aspects of multilingual storage, processing and retrieval. Katowice:Wydawnictwo Universytetu S´la˛skiego
4. Levelt, W. J. M. (1989). Speaking: From intention to articulation. Cambridge, MA: MIT Press
5. Marszatek, K.(2011). Iranian Language Policy: case of Linguistic Purism. Adam Mi Ckiewtcz university.
6. Mirelis , M. (2004). Exploring the Adaptive Structure of The Mental Lexicon. University of Edinburgh.
7. Miikkulainen , R. & Kiran , S. (2005). Modeling The Bilingual Lexicon an individual Subject.

8. Pavlenko , A.(2005). Emotions and Multilingualism. Cambridge University Press.
9. Scheel, S. (1998). French Language Purism: French Linguistic Development and Current.National Attitudes.
10. Singleton, D. & Little, D. (1984a). (Eds.) Language learning in formal and informal contexts.
11. Dublin: Irish Association for Applied Linguistics

١٢. ڕێككەوتنی جنێڤ لە ماڵپەری نەتەوەیەكگرتووەكان وەرگیراوە
http://www.unhcr.org/pages/49da0e466.html

## خلاصة

ان هذا البحث (المعجم العقلي و تهجير اللغة الأم في اللغة الثانية ) يتناول اهم الاسباب التي يؤدي الى اضعاف اللغة في مكانها الاصلي أو في مكانتها في فكر المتحدثين بها ومن أجل تباين كيفية هذه الهجرة و اسباب انكماش لغة الأم استخدم البحث العلاقات المعجمية للكلمات لدى المتحدثين الكورد في جنوب كوردستان و حلل أسباب انحلال و تهجير لغة الأم (الكورية) و أخذ مكانتها من قبل اللغة الثانية (اللغة الانجليزية ) في هذا العصر و يتم هذا العملية من خلال تكسير الغرور اللغوي و تقليل من شأن المكانة الاجتماعية للغة الأم .

هذا البحث يحلل عقلية المتحدثين باللغة الكوردية (كلغة الام ) في اقليم الكوردستان (الذين يحاولون تهميش و تهجير لغتهم الأم ) عن طريق تقديس اللغة الثانية و اعتبارها لغة الفكر الحر و العلم بهذا المنظور يتراجع القيم و معاير التداولية للغة الأم و يجعلها مهجرة، لاجئة في موطنها من حيث الاستعمال و التفكير.

## Abstract

This research is about (The Mental lexicon and Mother tongue language refugee Under Second Language Domain) , it deal with Refugee as crises of language and it is happened when the mother languages speakers disrespecting them language and rarely using it especially they do not using it in science or critical thinking instead of that they adopt second language as a holy language and give it power of use.

This phenomenon is going to accrue in Kurdish language (south part) when there speaker with out language planning policy stopping using it in some schools and by that they decreasing them languages position inside (Kurdistan ) and in outside (second land by immigration )